## لە ڕاپرسییەکدا: بڕیارەکەی یەکگرتوو بە ئیجابی لە قەڵەم دەدەن..

پەیامنێری - سلێمانی –kurdiu – یەکگرتوو

بەشداری یەکگرتوو وەك لیستی سەربەخۆ بووەتە جێگای مشتومڕ لای خەڵك، هەندێك بە شڵەقاندنی ناوەندەکە ناوزەدی دەکەن و هەندێکی دیکە بە گومانەوە سەیری دەکەن.
(ناسیح عەلی) 38 ساڵ دەرچووی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان وتی: من بەش بە حاڵی خۆم زۆر خۆشحاڵ بووم کە یەکگرتزز ئەو بڕیارەی دا، چونکە ئەگەر وا نەبوایە دەنگم نە دەدا "
ناسیح قسەکانی خۆی لەوەدا چڕ کردەوە کە هەردوو حیزب کۆمەڵێك کەم و کوڕی و ناتەواوییان هەیە، خەڵك بێزار بووە لێیان وەك وتی: " هەموو شتەکان بۆ خۆیان دەقۆزنەوەو غەدر لە خەڵکیش دەکەن.
لەلایەن هەندێك لە نوسەرانیشەوە بڕیارەکە بە بڕیارێکی ئیجابی دراوەتە قەڵەم و ڕێچکەی بێدەنگی شکاندوە، وەك (مەحمود ڕەزا ئەمین) لە وتارێکیدا کە ڕۆژنامەی ئاسۆ بۆی بڵاو کردووەتەوە دەڵێت: یەکگرتوو هەم لە هەڵبژاردنەکاندا بیری ووردی بەکار هێناوە، هەم لە ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی نواندنی ئەم هەڵوێستەیدا.
(کارزان واحید) 25 ساڵ قوتابی زانکۆ دەڵێت: بە بۆچوونی من یەکگرتوو کارێکی باشی کردووە بە تەنیا دەیەوێت دابەزێت، من بە لای خۆمەوە ئەگەر چی یەکگرتوو نیم، بەڵام دەنگی بۆ دەدەم، چونکە نامەوێت دەنگ بۆ یەکێتی و پارتی بدەم، نەبوونی خزمەتگوزاری ومافە سەرەتاییەکانی هەوڵاتییان وایکردوە کە خەڵك بێزار بێت و جارێکی دی دەنگ بۆ دەسەڵات نەدات.
(شوکریە ساڵح) وتی: نە ئاو هەیەو نە کارەباو نە خزمەتگوزاریی جادەوبان، ئەوە (14) ساڵە ئێمە حکومەتمان هەیە هەر وەك خۆمانین، ئیتر لە پای چی دەنگیان بۆ بدەین،
شوکریە دەنگنەدانی خۆی دووپات کردەوەو باسی لە کەتەرخەمی هەردوو حیزب کرد لەوەدا وەك پیچویست بەدەم جەماوەرەوە نەهاتوون،
وتی: ئەم جارە دەنگ بۆ یەکگرتوو دەدەم بزانین ئەو چیمان بۆ دەکات.
بەشداریکردنی یەکگرتووی ئیسلامی بە لیستی جیا ئەو پەردەیەی نێوان نوێژ خوێن و نوێژ نەخوێنانی شکاندو هەندێککە ئیلتیزامیان بە ئیسلامەوە نییەو سەردانی مزگەوت ناکەن وەك (هێرش کەریم) 24 ساڵ وتی: من نە نوێژ دەکەم و نە دەچم بۆمزگەوت، بەڵام بڕیارم داوە دەنگ ب یەکگرتوو بدەم، هەروەها هێرش وتی: هەردوو حیزبەکە تا ئێستا خواردوویانە.. با چیتر نەیخۆن، داوا لە خەڵك دەکەم دەنگ بۆ یەکگرتوو بدەن،
میانڕەوی و سیاسەتی یەکگرتوو پشتگیریەکی دیکەیە بۆ بڕیارەکەی لای خەڵك و پێیان وایە کە ئەو حیزبە خراپ دەرناچێت وەك (عەلی محەمەد) وتی: حیزبێکی میانڕەو بووەو زیانی بە خەڵك نەگەیاندووە، ئەگەر زیانیان پێ نەگەیاندبێت، بۆیە بڕیارێکی باشی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە خەڵکی وای دەبینن کە جیابوونەوە یان نەبوونەوەی یەکگرتوو لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت، بە تایبەت کە هەڵبژاردنەکە بۆ عێراقەو ئەگەر بۆ کوردستان بوایە ئەوا قسەیەکی دیکە بوو.
(سۆران سەعید) وتی: یەکگرتوو بە جیا دابەزێت یان نە ئەوە هەر وەك خۆیەتی،

بەڵام (شۆرش ئەحمەد) پێچەوانەی سۆران وتی: یەكگرتوو كاریكی باشی نەكرد كە جیا بووەوە، چونكە ئەوە بۆ عێراقە. ئەمینداری گشتی یەكگرتووش لە لێدوانەكەیدا بۆ كەناڵەكانی ڕاگەیاندن زیاتر بڕیارەكەی بە ئیجابی نرخاندووەو پێی وایە دەتوانن دەنگی زیاتر بۆ كورد لە پەرلەمانی عێراق كۆبكەنەوە، هەروەك ئەندامانی یەكگرتووش بە بڕیارەكە دڵخۆشن و یەك بۆچونیان هەیە.